لادانی مالکی هەڵوەشاوەنەوەی عێراقی لێدەکەوێتەوە

رێکار ئەحمەد

هەوڵەکانی نوری مالکی بۆ هێشتنەوەی کابینەکەی لە بازنەیەکی داخراودا دەسوڕێتەوە، بە شێمانەی زۆرەوە ناکام دەمێنتەوە.

ئێستا سوننەکان نەک هەر وازیان لە مالکی و کابینەکەی هێناوە بەڵکو بەتەواوی لێی بێ ئومێدن و سەنگەریان لێگرتووە، هاوکات بەشێک لە هاوسەنگەرانی دوێنێشی لێی ساردبوونەتەوەو پشتیان تێکردووە. راستیەکەی تەنیا هاوپەیمانی کوردستان پارسەنگی بارەکەی بۆ راگرتووەو دەیەوێ رێگە لە بەربوونەوەی بگرێ.

بەربوونەوەی کابینەی مالکی یەکێک لە چاوەڕوانترین دیمەنەکانی ئەو قۆناغە نوێیەیە کە لەگەڵ هەڵوەشانەوەی عێراق دا هاوکات بەڕێوەن، کەچی جۆرج بووشی سەرکۆماری ئەمریکا و گوێڕایەڵانی هەترەشیان لێچووەو نایانەوێ بە چاوی خۆیان ببینن!

کابینەی مالکی ئەگەر لە کابینەکەی برایم جەعفەری خراپتر نەبووبێ، هەرگیز باشتر نەبووە، بەوهۆیەشەوە ئەگەری خۆڕاگرتنی لە تراویلکەی دەشتی کاکی بە کاکی گەرمیان دەچێ و لە داهاتوویێکی نەچەندان دووردا دیار نامێنێ.

ئێستا حکومەتی ئەمریکا نەک لە مالکی بێ هیوا بووە بەڵکو بە شەرمەوە پشتیوانی لێدەکات و پێیەوە گرفتار بووە، دەیەوێ بەشێوازێک خۆی لێ بدزێتەوە. ئەمریکاو خودی جۆرج دەبلیو بووش گرفت لە پشت تێکردنی مالکی نابینن، گرفت لەوە بەرۆکیان دەگرێ کە جێگرەوەیێکی ئەوتۆ بۆ راگرتنی عێراقی نوێ و پارێزگاریکردن لە یەکگرتووی خاکی عێراق بەدی ناکرێ.

ئەو بژچوونانەش بە راشکاوی لە لێدوانەکانی جۆرج بووش و هاوکارانی ئاماژەیان پێدەکرێ و بە خشکەیی خۆیا دەکرێن. لە ماوەی شەو و رۆژێکدا لەنێوان بێ هیوایی و مرۆڤی باش دا جێگۆڕکێ بە پەیڤ و رامانەکانیان دەکرێ .

ئێستا نەک تەنیا حکومەتی ئەمریکا، بەڵکو زۆربەی وڵاتانی ئەوروپاو ناوچەکەش گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە ئەگەر بۆ چرکەیەکیش کابینەکەی مالکی بڕوخێ ئیدی پێکهێنانی کابینەیەکی دیکە لە ئەستەم ئەستەم تر دەبێ و هەڵوەشانەوەی عێراق بۆ چەند وڵاتێکی سەربەخۆ لە واری کرداریدا خۆی دەسەپێنێ و رێگەی لێناگیرێ.

خودی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە گێژاوێکی کەموێنەدا گیری خواردووە، نەدەتوانێ سەربەست و دەستکراوە رەفتار لەگەڵ تەنگژەو قەیرانەکان دا بکات و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات، نەدەشتوانێ وەکو پێشوو بێهەڵوێست و بێ دەنگ لەبەرانبەر کێشەکانی رۆژانەدا گوزەر بکات.

مالکی لەنێوان مەنگەنەی خەڵکی عێراق و بەرژەوەندخوازی خۆی و حزبەکەی و پشکی هاوپەیمانانی دا گیربووە، ئەگەر بەلای بەرژەوەندەکانی گەلانی عێراق دای دەشکێنێتەوە، حزبەکەی و هاودەستانی لێی رازی نابن، ئەگەر وەکو جارانیش بۆ حزبەکەی و هاوپەیمانانی کار دەکات گەلانی عێراق لێی پەسند ناکەن و هەوڵی رووخانی دەدەن.

مالکی ئەگەر نەتوانێ کەسانی شارەزا، پسپۆڕ و لێهاتوو لە کابینەکەی دا بەشداری پێبکات و پۆستی وەزارەتەکانیان پێ بسپێرێ، ئەگەر دەستەڵاتی ئەوەی نەبێ وەزارەتەکان لە ئەندامانی حزبەکەی و هاوپەیمانانی بسێنێتەوە نەک بەرەو پێشەوە رێ ناکات، بەڵکو هەنگاوەکانی خاو دەبنەوەو بە لا دادێ، ئەگەر هەوڵیش دەدات پۆستە وەزاریەکان بە کەسانی تەکنۆکرات و نیشتمانپەروەر بدات، ئەوە لەلایەن حزبەکەی و هاوپەیمانانی پاڵی پێوەدەنرێ و بەلا دادێ، کەواتە لەهەردوو بارەکەدا لاسەنگی لە بارەکەی کابینەکەی دا وەدیار دەکەون.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە مالکی باش دەزانێ کە ئەیاد عەلاوی، ئیبراهیم جەعفەری و عادل عەبدولمەهدی بەربژار دەکرێن تا جێگەی ئەو بگرنەوە، بەڵام هاوکات دەزانێ کە شیعەکان ئەیاد عەلاوی پەسند ناکەن، ئیبراهیم جەعفەریش هەمان کەسەکەی گۆرینە کە کوردو سوننە لێی بێزاربوون و دایانبەزاند، عادل عەبدولمەهدیش هەم لەلایەن بەشێک لە شیعەکانەوە پەسند نیە هەمیش سوننەکان متمانەی پێ ناکەن و ناتوانن هاوکاری دەگەڵ دا بکەن، کەواتە مالکی خۆی و تەختی!!

ئێستا دوای ئەو هەموو ئاڵۆزی و تەنگژەیە هاوپەیمانانی مالکی و ناحەزانی دەبینن ئەو بازنەیەی کە کابینەکەی مالکی تێیدا دەخولێتەوە رۆژ دوای رۆژ تەسکتر دەبێتەوە، هەم رەخنەو گلەییەکانی ناوەخۆ پەرە دەسێنێ، هەمیش گلەیی و گازاندەی دەرەکی بەرزتر دەبنەوە. لەلایەکەوە ئەمریکا نایەوێ مالکی لە سوریاو ئێران نزیک بکەوێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە مالکی دەزانێ کە بەبێ هاوکاری سوریاو ئێران پەشێویەکانی ناو عێراق گەورەتر دەبنەوە، کەواتە ئەم جارەیان مالکی خۆی و بەختی!!

دامەزراوەکانی سەربازی و سڤیلی ئەمریکا لە راپۆرت و لێکدانەوەکانی خۆیان دا بێهیوایی پێشان دەدەن، تۆمەتی شکست لە گەردنی مالکی داوێن، بە کەمتەرخەم و بێ تواناو خەمساردی دادەنێن، پێیانوایە مالکی بەرژەوەندی باڵای پێکهاتەکان لەبەرچاو ناگرێ و شێلگیرانە بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی کار ناکات، ئەوان دەڵێن مالکی توانای ئەوەی نیە ناکۆکی مەزهەبی تێپەڕبکات و یەکگرتوویی وڵات مسۆگەر بکات، لەلایەکی دیکەشەوە سوریاو تورکیاو ئێران بەمەرج هاوکاری مالکی دەکەن تا بەرژەوەندەکانی ئەوان لەبەرچاوبگرێ و نیازپاکی دراوسێیەتی باش پێشان بدات و بەشێک لە کێشەکانیان بۆ سووک بکات. سووک کردنی کێشەکانی ئێران لە وەدەرنانی رێکخراوی موجاهیدنی خەڵکی ئێران و پێگەنەدان بە هێزو رێکخراوەکانی ئیسرائیلی خۆی دەبینێتەوە، ئەوانەش لە توانای مالکی بەدەرن. هەروەها دەستەواییکردن لەگەڵ تورکیا خۆی لە وەدەرنانی گەریلاکانی پەکەکەو جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ خۆی دەبینێتەوە کە ئەوانەش لە دەستەڵاتی مالکی بەدەرن و کورد کە هاوپەیمانی مالکین و کابینەکەیان بۆ راگرتووە ئەو مەرجەی لێی پەسند ناکەن.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە مالکی لە سوریا دەخوازێ کە بەعسیە سەدامیەکان رادەستی ئەو بکاتەوە، لەبەرانبەردا سوریا لێی دەخوازێ کە گۆڕەپانی سیاسی عێراق بۆ ئەو هێزانە فراوانتر بکرێن کە هاوسۆزیان لەگەڵ سوریاو حزبوڵڵا هەیەو پشتیوانیان لێدەکەن و دژ بە ئیسرائیل رادەوەستن، دیسانەوە ئەمەشیان لە دەستەڵاتی مالکی دانیە، ئەگەر رێگە بە هێزە هاوپەیمانەکانی حزبوڵڵا دەدات ئەمریکا لێی پەسند ناکات، ئەگەر واش ناکات ئیدی سوریا سەرانی بەعسی سەدامی رادەست ناکاتەوەو کێشەکانی لێ قوڵتر دەکاتەوە، کەواتە مالکی لەنێوان بەخت و تەخت و یاری سیاسی دا پێویستی بە لێهاتوویی زیاتر هەیە کە ئەمەشیان چانسی سەرکەوتنی دیار نیە.

لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی هاوکێشە سیاسیەکانی عێراق و ناوچەکە پێمان دەڵێن کە لادانی مالکی و هەڵوەشانەوەی عێراق دوو دیوی یەک دراون، ئەگەر مالکی لابدرێ کەسێکی دیکە ناتوانێ جێگەی بگرێتەوە، پێکهێنانی کابینەیەکی دیکەش لە گرەویکی دۆراو دەچێ، ئەگەر لاش نەچێ ئەوە ئەمریکاو دراوسێکانی و پێکهاتەکانی عێراق داخوازی تایبەتی خۆیان هەیەو مالکی دەرەقەتیان نایەت.

ئەگەر کابینەی مالکی هەڵبوەشێتەوە لە دەستپێکدا چەکدارەکانی هێزە شیعیەکان پارێزگاکانی خواردوو کۆنترۆڵ دەکەن تا ئەو شوێنەی بۆشیان بکرێ رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران راو دەنێن و سەرکردەکانیان رادەستی ئێران دەکەنەوە، لەهەمان کاتیشدا کورد هەوڵی بەهێزکردنی سنوورەکانی خۆی دەدات، بێگومان سوننەکانیش دەست لەئەژنۆ دانانیشن و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی پارێزگاکانی نێوەڕاست دەدەن، بەوهۆیەوە سنوورێکی ئارام لەلایەن شیعەو کوردەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دروست دەبێ، لە هەمان کاتیشدا باشووری کوردستان ئەوەندە بەهێز نابێ کە بتوانێ داخوازیەکانی تورکیاو ئەمریکا جێبەجێ نەکات، بەوهۆیەوە شیمانەی چۆلکردنی بنکەو بارەگاکانی گەریلاکانی پەکەکە لە ناو خاکی باشوور دێتە رۆژەڤەوە، لەوانەیە بۆ قۆلایی خاکی باکوری کوردستان بگوازرێتەوە، بەوهۆیەشەوە حکومەتی ئانکارا هەناسەیەکی دێتەوە بەرو لەبەرانبەر تورکە رەگەزپەرستەکاندا سنگ دەردەپەڕێنێ.

وێڕای ئەوانەشەوە حکومەتی سوریا کەلک لە هەڵوەشانەوەی عێراق وەردەگرێ، لەلایەکەوە سوننەکانی عێراق ناچار دەبن کە داکۆکی لە دیمەشق بکەن و بە برا گەورەی پەسند بکەن، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو گروپە شیعیانەی کە هاوسۆزیان لەگەڵ حزبوڵڵادا هەیە دەستیان کراوەتر دەبێ و باشتر داکۆکی لە سوریاو لوبنان و حزبوڵڵا دا دەکەن.

بەهەر ئەگەر و گریمانێک بێ کابینەکەی مالکی و دەوڵەتی عێراق بەیەکەوە گرێدراون، مانەوەی یەکەمیان سەنەدی مانەوەی دووەمیانە،بەربوونەوەی یەکەمیان هەڵوەشانەوەی دووەمیان بەدوای خۆیدا رادەکێشێ. دەبێ چاوەڕوان بین و بزانین کامیان ئەوی دیکەیان رادەکێشێ!!

rekarahmed@hotmail.com
rekarahmed@yahoo.de

کەرکوک بۆ باوەشی کوردستان دەگەڕێتەوە!

هەرچەندە کە چارەنووسی ماددەی ١٤٠ بە هەڵواسراوی ماوەتەوەو کوردستانیان رەخنەو گلەیی لە نوری مالکی و سەرکردە سیاسیەکانی کوردستان دەکەن، هەرچەندە تا ئێستا هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە لەرۆژەڤ دانیە، هەرچەندە کە عەرەبە دەمارگیرو توندڕۆکان، سەرانی بەرەی تورکمانی و حکومەتی ئەنکارا راشکاوانە کار بۆ دابڕانی کەرکوک لە کوردستان دەکەن، بەڵام دیسانیشەوە بەهۆی پشت بەستن بە بەڵگە مێژوویەکان و دیفاکتۆی ئەمڕۆی عێراق چاودێرانی سیاسی و لێکۆڵەرەوانی ئەڵمانی جەخت لەسەر گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکەنەوە.

لە لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیردا دەزگەی زانستی و سیاسەتی ئەڵمانیا(Fonda Wissenschaft und Politik) بەو ئاکامە گەیشتووە کە دەوڵەتی ناوەندی عێراق تێکچووە، هۆکارەکەشی بۆ توندوتیژیەکان دەگەڕێتەوە، پێکهاتەکانیش خەمی بەرژەوەندەکانی خۆیان دەخۆن، ئیدی کەرکوک بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە چۆن ئەڵمانیا و یەکێتی ئەورووپا رێگە نەدەن کە تورکیا هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان و چۆنیش کورستان بە هێز بکەن و سوودی تورکیاشی تێدا بێ!

پسپۆڕی بواری ئیسلام و تیرۆر دکتۆر گیودۆ شتاینبێرگ (Dr. Guido Steinberg) نووسیویەتی کە چۆن مرۆڤ بتوانێ نەهێڵێ عێراق بە تەواوی دابڕێ.

ئەو شارەزایە نووسیویەتی: " عێراق لەنێوان فیدراڵیزم و

Dr. Guido Steinberg

تێکچوون دایە، لەوانەیە فیدراڵیش لەجیاتی چارەسەری عێراق بەرەو هەڵوەشانەوە ببات. پارچەبوونی عێراق زۆرێک دڵخۆش ناکات، گریمانی لەشکرکێشی دەوڵەتانی دراوسێ هەیە ئەمەش شەڕێکی چەکداری لێ دەکەوێتەوە"

دکتۆر گیودۆ شتاینبێرگ دەڵێ سەرۆک تاڵەبانی و سەرۆک بارزانی لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دانین و نایانەوێ رایبگەیەنن، لەوانەیە ئەمەش لەبەر ئەوەبێ کە هەرێمی کوردستان بە فۆرمی ئێستای دەوڵەمەند نیە تا ببێتە دەوڵەتێکی سەبەخۆ، بۆیە هەوڵ دەدەن دەستیان بە نەوتی کەرکوک بگات.

ناوبراو سەبارەت بە ریفراندۆمی کەرکوک دەڵێ: " وادیارە کە بەڕێوەبردنی ریفراندۆم لە بەرژەوەندی کورد دا تەواو دەبێ، بەڵام لەوانەیە ئەو کاتە تورک لەشکرکێشی سەربازی تێدا بکەن، ئەمەش بە ئامانجی ریگرتن لە پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ ئەنجام دەدرێ. بەوهۆیەوە لێکۆڵەری ئەڵمانی داوا لە حکومەتی ئەڵمانیا و یەکێتی ئەورووپا دەکات تا پێوەندی خۆیان دەگەڵ هەردوو پارتی دەستەڵاتداری کوردستان خۆش بکەن و داوایان لێبکەن کە عەرەب لە کەرکوک دەرنەکرێن!! و بەرژەوەندی کەمە نەتەوەکان بپارێزرێ.

لێکۆڵەر دەنووسێ :" ئەگەر پارتە کوردستانیەکان لە دژی هەڕەشەکانی تورکیا ویستیان کەرکوک بۆسەر هەرێمی کوردستان بگێڕنەوە، لەوانەیە تورکیاش بیر لە لەشکرکێشی بکاتەوە، بۆیە دەبێ یەکێتی ئەورووپا لە میانەی دانوستاندنەکانیدا لەگەڵ تورکیا گوشار بکات و رێگە نەدات ئەنکارا دەست لە کاروباری ناوەخۆی هەرێمی کوردستان وەربدات.

ئەمە یەکەمین لێکۆڵینەوەی بایەخداری سی لاپەڕەییە کە لە ئەڵمانیا ئەنجام بدرێ، گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە کە لەلایەن دامەزراوەی (Fonda Wissenschaft und Politik) ئەنجام دەدرێ، هەرچەندە کە دامەزراوەکە بانگەشەی سەربەخۆیی دەکات، بەڵام دامەزراوەیەکی فەرمی دەوڵەتیەلە بواری سیاسەتی دەرەوەو ئاسایش بۆ حکومەت و پەرلەمانی ئەڵمانیا کار دەکات، بۆیە لەوانەیە ئەم لێکۆڵینەوەیە گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا سەبارەت بە کوردستان پێکبهێنێ.

راستیەکەی چەندین وڵاتی جیهان پێوەندی خۆیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروست کردووە، بەڵام ئەڵمانیا بە پارێزەوە بۆ ئەو مەسەلەیە دەڕوات، لەوانەیە ئیدی چاو بە سیاسەتی خۆی بخشێنێتەوەو بۆلای کوردستان بابداتەوە.

رۆژی گەل

ئاگادارینامەی جۆراوجۆر بڵاودەکرێنەوە!

لە هەفتەی رابردوودا هەواڵی فرێدانی بەیاننامەی جۆراوجۆر لەنێو گەڕەکەکانی شارەکان و دێهاتەکانی کوردستان دا بڵاوبونەوە، من بە پەرۆشەوە بەدوای ئەو بەیاننامانەدا دەگەڕام، دەمویست بزانم بۆچی بڵاوکراونەتەوەو چیان دەوێ؟! دوایی لەرێگەی ئاشناو ناسیاوانەوە هەندێک لەو بڵاوکراوانەم بەدەست کەوتن، هەندێکیان جێگەی نیگەرانی و هەندێکی دیکەشیان جێگە پێکەنین و گاڵتەجاڕی بوون.

بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو فرێدانی بەیاننامەو ئاگادارینامە پێشینەی خۆی هەیە، جاران هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان بە جەماوەر بەیاننامەیان بەنێو شارەکان دا بڵاو دەکردەوە، پیاوانی رژێمیش زۆر بە پەلە هەوڵیان دەدا بەیاننامەکان کۆبکەنەوەو سەرچاوەکەشی بدۆزنەوە، بەدرێژای ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان دا سەدان کەس بەگومانی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی هێزە نەیارو بەرهەڵستکارەکان گیران، ئەشکەنجەدران و زیندانی کران. رژێم دەیان رێگەو شێوازی جۆراوجۆری دەگرتەبەر، ترس و تۆقاندن و هەتەرەش بردن و سوکایەتی پێکردن و گرتن و تێهەڵدان، بەڵام هیچ یەک لەو شێوازانە جەماوەری کوردستانی لەسەر بەیاننامەکاندا سارد نەکردەوە. دەکرێ بڵێین کە ئەو راگەیاندراوو بەیاننامانە کاریگەری ئەرێنیان لەسەر ورەو بەرخۆدانی خەڵکی کوردستان دا هەبوو، بەڵام لێرەدا دەپرسین ئایا ئەو

بەیاننامانەی کە هەفتەی رابردوودا بڵاوکرانەوە چ کاریگەریێک لەسەر خەڵک دادەنێن و چ شوێنەوارێک جێ دەهێڵن؟!

لەهەفتەی رابردوودا ئاگادرینامەیەک بەناوی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەسەر گوندەکانی سەر دەڤەری پشدەرو هەڵشۆ بڵاوکرایەوە، داوا لە دانیشتوان کرابوو کە گوندەکانیان چۆل بکەن، ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێی زۆری لە دڵی خەڵکەدا چاند، بەڵام هەرزوو حکومەتی تاران لەسەر زاری غولام حوسەین ئیلهام وتەبێژی فەرمی حکومەت رایگەیاند کە: "ئێران ئاگای لە بڵاوکردنەوەی شتی لەو جۆرە نییە و ئەوە راست نییە، ئەگەر بڵاوکراوەی لەو جۆرەش دابەشکرابێت ئەوا تەنیا تاکتیکێکی دیکەی جەنگی پڕوپاگەندەیی و دەرونییە لە دژی ئێران ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی وروژاندن و بەرپاکردنی ترس لەناو دراوسێکانی ئێراندا".

هەر لەهەفتەی رابردوودا بە شێوەیەکی بەرفراوان لەنێو گەڕەکەکانی شاری هەولێردا ئاگادرینامەیەک بڵاوکرایەوە کە سەرنجی خەڵکی بەرەو رۆژی زیندووبوونەوە رادەکێشا. ئاگادارینامەکە لەسەر شێوازی خەو بینین نووسراوەو مژدەی وەدەستهێنانی سەرمایەش بە خەڵک دەدات و دەڵێ کە بە بەڵگەوە رۆژی رابوونەوە (القیامة) نزیک بۆتەوە، بەڵام نەیتوانیوە بەڵگەکان بۆ موسڵمانان و جەماوەر بخاتە ڕوو! لەوانەیە کۆلکە مەلا، شێخ، دەرویش یان رێکخراوێکی بەناو ئیسلامی لە پشت ئەو ئاگادارینامەیەوە بێ، چونکە هەم تایپ کراوەو ژمارەیەکی زۆری لێڕاکێشراوە هەمیش بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش وادەگەیەنێ کە کاری تاکە کەسێک نیە، چونکە ئاسان نیە تاکە کەسێک لەیەک کات دا لە زۆربەی گەڕەکاندا ئاگادارینامەکە بڵاو بکاتەوە. بێگومان بەهۆی لاوازی ناوەڕۆکی ئاگادرینامەکەوە کاریگەری نابێ و شوێنەوار جێناهێڵێ، بەڵام دیسانیشەوە ئەرکی لایەنە پەیوەندارەکانە کە هەوڵی دۆزینەوەی سەرچاوەیەکە بدەن. راستیە نیمچە ئازادییەک لە کوردستان دا هەیە، بەڵام ئەرکی سەرشانی پۆلیس و ئاسایشە کە شوێنی ئەوانە هەڵبگرنەوە کە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بڵاودەکەنەوە.

ئومێد کانەبی